# إذا قال يەکێتی و پارتی قال خەڵکی کوردستان

مەجید دڵنیا

دوای ئەوەی مەسەلەی نوسینەوەی دەستوور بە بن بەست گەیشت،بۆ دەربازبوون لەو قۆناخە سەرانی لوتکە سیاسیەکانی عێراق بەرەو بەغدا بەرێکەوتن،تا دەلاقەیەک بۆ رەشنووسی دەستوور بدۆزنەوە کە قەیرانی تێکەوتووە.

لەسەرکردایەتی سیاسی کوردستانیشەوە،جگەلەوانەی بەخدا،وەفدێک بەنوێنەرایەتی بەرێزمەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کورستان،بەرەو بەخدا چوون.

بارزانی لە کوردستانەوە،لێدوانی ئاگراوی دەدا ورایگەیاند کە ئەوان لەهیچ مافێکی خەڵکی کوردستان پاشەکشە ناکەن.خاڵی هەرە گرنگ ئەوەبوو کە لە قسەکانیدا وای نیپشاندا کە هەرگۆرانێک هەبێت لەو مافانەی ئەوان بۆ خەڵکی کوردستان دیاریان کردووە،ئەوە ئەوان دەگەرێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و خەڵکی کوردستان.لەئاست ئەو هەموو گۆرانکارییەی کە بەسەر داواکانی ئەواندا هات وشتی واهاتە پێش،کە 180 پلە پێچەوانەی خواستەکانی خەڵکی کوردستان بوو.کەچی بارزانی و سەرانی کورد وەک پیشەی هەمیشەییان بۆ تاکە یەک پرسیش نەگەرانەوە بۆ خەڵکی کوردستان.بەمانایەکیتر ئەمجارەش لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا،بەڵێنەکانی خۆیان نەبردەسەر.

لەوەش گەرێ کە ئەمجارەش ئەمەریکا لەم گەمەی دەستوورەدا چۆن پشتی کوردو هێزە عەلمانیەکانی شکاندولە دواساتەکانی نووسینەوەی دەستووردا،چۆکی دادا بەوەی قەیدی نییە کە ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان بێت.کورد وەک ئەو خاڵەیان بەرازیبوونی ئەمەریکا دۆراند.کەچی لەبەرامبەر ئەوەدا،نەهاتن خاڵێکیتر زیندوو بکەنەوە ،کە پێدابگرێ لەسەر ئەو خواستانەی بۆی چوون یان بۆیان نەچەسپابوو ،کەدەکرێ دیاریکردنی سنوورەکانی کوردستان وەک نموونەیەک بێت.

سەرانی کورد ئەگەر دوور مەودا بیانروانیبایە،بەبروای من دەبوو قورسایی خۆیان بخستایەتە سەر دیاریکردنی بەندێک بۆ ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان ،بەوەی رۆژێک بێت لە عێراقدا بمێننەوە یا جیاببنەوە.بەڵام ئەوان ئەم خاڵەیان تەنیا وەک فشار بەکارهێناوە.

کەچی ئەوان قورسایی خۆیان خستە سەر ئەوەی ناوی دەوڵەتی عێراق وشەی فیدراڵی پێوەبێت یا نا،یا ئیسلام سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان بێت یا نا.گەرچی ئەمانەش لە ناوەرۆکدا گرنگن ،بەڵام کێشەکە ئەوەبوو بەرەنجامی ئەوانەش هیچی بەویستی وان نەبوو.یا زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لەهەموو عێراقدا.ئاخر عەرەبێکی بەسرە چ پێویستی بە زمانی کوردی هەیە.گەرچی ئەمە گوایە چەسپاوە،بەڵام من دڵنیام ئەمە جگە لەمەرەکەبی سەر کاخەز هیچیتر نابێت.جگە لەوەش تاماون تایتڵی سەر دووکانێکی بەسرە بە زمانی کوردی نابیین.لە موسڵ لەسەر نوسینی کوردی خەڵک سەردەبرن،کەچی ئەوان بەتەمای چەسپاندنین لە هەموو عێراقدا.

ئەم نوێنەرانەی کورد کە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشیان لەگەڵە،دەستووریان ئیمزاکرد.ئەمە بەپێی قاڵبە حیزبییەکەوحیساباتە ماتماتیکیکەی کوردستان ، مادام ئەوان لەبەخدا رازیبوون،کەواتە بێ مەرج سەرکردایەتی هەردوولا رازین .کە سەرکردایەتی رازیبوون پەرلەمانیش کە لە زۆرینەی ئەمان پێک هاتووە .کەواتە ئەویش بێ مەرج رازییە.

ئەوە سەرەرای ئەوەی کە بەپێی سایتی پەیامنێر بارزانی بە نامەیەک داوای کردووە،کەپەرلەمانی کوردستان دەنگ بەم دەستوورە بدات.ئەم داوایەی بارزانی ئیحراج کردن و دەستوەردانە لە کاری پەرلەماندا.گەرچی بارزانی زۆر دڵنیایە لەوەی مادام ئەوان لەبەخدا،رەزامەندیان لەسەر ئەو دەستوورە داوە.ئەوە مەحاڵە پەرلەمان بتوانێت، دەنگی بۆ نەدات.گەر قەرارە پەرلەمانیش هەڵبژێردراوی خەڵک بێت و زۆرینەی خەڵکیش دەنگی بۆ دوو زلحیزبەکە دابێت،کەواتە پێش ئەوەی ئەو دەستوورە بخرێتە بەر دەمی خەڵکی کوردستان ئەنجامەکەی لە ئیستاوە رۆشنە.ئەودەستوورە بەو هەموو کەموکوریەوە مادام نوێنەرانی کورد لەبەخدا قبوڵیان کرد.بێ سێ ودوو جەماوەرەکەی یەکێتی وپارتی قبوڵیانە.کەواتە ئەو دەستوورە لە سەدا سەد دەبێتە قبوڵکراو بەناوی خەڵکی کوردستانەوە.بەم حیساباتە ماتماتیکیە بێت، وەک چۆن مەرحوم دەیوت اذا قال صدام قال العراق،ئێمەش تا ماوین دەبێ بڵێیین اذا قال یەکێتی وپارتی قال خەڵکی کوردستان.

2005_8_24

diyako_8@hotmail.com